# تخونی زەوییەکەمان مەکەون (Land stand off)

**جەلال بەرزنجی**

**( تخونی زەوییەکەمان مەکەون) ( ئێمە مانمان نەگرتووە داوای شتێك بکەین, ئێمە باش دەزانیین ئەوە خاکی خۆمانە) ئەوە دروشمی بەرەنگار بوونەوەی پێست سوورەکانی (نێتیڤ) کەنەدا بوو لە شارۆچکەی (کولیدونیا) دژی بڕیاری حکوومەتی هەرێمی فیدڕالی (ئونتاریو) لە سەر زەوییێك کەنیتیڤەکان بە هی خۆیانی دەزانن و ئەمڕۆ هەواڵی یەکەم بوو لە میدیا ی کەنەدا (نێتیڤەکان) بە دروشمی نزیك لە دڵەوە ,دژی ئەم بڕیارەی حکوومەت وەستابوون,ئەم وەستانەیەیان ئەوەی بیر خستمەوە کەوا کاتی خۆی سەرۆك تیرییەیەکیان لە نامەییەکدا بۆ سەرۆکی ئەمریکی( رۆزفیلت) دەربارەی کڕین و فرۆشتنی خاك دەلیٚ( چۆن دەکریٚ قیرەی بۆق بفرۆشین , چۆن دەکریٚ گڤەی باو گیاو ئەستێرەو هاژەی شەپۆل بفرۆشین, چۆن دەکریٚ پەیوەندی کۆنمان لە گەڵ ئەم خاکە بفرۆشین , نامەکەی درێژەو بە زمانی دڵ نووسراوە لە کۆتای نامەکەی دا دەڵێت , دەزانم گەر خاکەکەمان نەشفرۆشیین هەر دەییەن , بەڵام تکاییە گەر بردتان ئاگاداری بن) هەرچەندە لە هەشتسەدەکان فەرەنسیەکان و بەرتانییەکان لە کەنەدا و سپی پێستەکان لە ئەمریکا دوای شەڕێکی درێژ خاییەن توانیان زاڵ بن بە سەر (نێتیڤەکان) خاکەکەیان لیٚ داگیر بکەن. ئەمڕۆ,لە کەنەدا ئەم هیندییە پێست سوورانە بووینەتە کەمینەو لە سەدا نەوەتییان لە سەر خواردنەوەی مەی وبەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان راهاتوون وخوییان پێوە گرتووە (ئیدێکتت) بووینەتە گرۆپێکی لەتواناکەوتوو , پەرتەوازەو بیٚ ماڵ (هۆم لێس) ئەم هیندە سوورانە وەك زۆربەی نەتەوەو گروپی ئەتنیکی لەدنیادا بوونە قوربانی سیاسەتی ئیمپریالیزمی کۆن و هەندێك نەتەوەوگروپ هەر لەناوچوون هەرچەندە لە کەنەدا کەنەدای ئەمڕۆژە نە ئەو سەردەمیشە بتوانریٚ غەدر لە (نێتیڤەکان) بکرێت , کەنەدا بووە بە وڵاتێکی دیموکرات فیدڕاڵ ومافی مرۆڤ پارێزراوە بە پێی سیاسەتی (پۆلەسی) وڵات هەموو شتێك دەبێت بە دایلۆگ و رێگەی ئاشتیانە چارە سەر بکرێت بۆییە بۆ چارە سەر کردنی ئەم کێشەییە حکوومەتی فیدڕالیش بەدەنگ هاتوو خەریکە کێشەکە بە رێگەی ئاشتی خوازانە چارەسەر بکرێت بەلاّم دیسان بۆ هیندە پێست سوورەکان درەنگە سوود لەم دیموکراسیەت و حوکمە یاساییە وەربگرن کە ئەمڕۆ لە کەنەدا هەیە, نەك بۆ ئەوەی جارێکی تر ببنەوە خاوەن کەنەدا بەڵکو تەنیا تاکو وەك مرۆڤێکی ئاسایی یا پەناهەندەییەك بژیین , چوونکە ستاییلی ژییانی ئێستای زۆبەی زۆریان لە کۆتایی بەرەو نەمانیان دەبات ! بەلاّم لە زمان و هەستی ئەم گرپە بچووکەی شارۆچکەی (کولەدۆنیا)بۆت دەردەکەوێت هێشتا چەندەپەیوەندییان لە گەڵ خاك روحییە !**